کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-8-2007 3:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ساتێک بۆ پەشیمانی ... گەشبیر ئەحمەد

گەر ئەمزانی لێوەکانت تینووی نەبێ نام خواتەوە
نەدەهاتم ببمە هاوڕێی وەرزەکانی کاڵ بوونەوە
گەر ئەمزانی سەفەر دەکەی بێ ماڵئاوا بەجێم دەێڵی
نەدەهاتم ووشەی شیعرت بۆ بکەمە بەفرو دیاری
من هەڵە بووم خۆم دایە دەس گڕو تینی ئەوینتەوە
هەر بەهەڵەش وەکو بەفر باریوومەتە ڕوخسارتەوە
هەموو شەوێ هەتا بەیان بە یادی تۆ ئەتلامەوە
لە نێو ژووری تەنیایما هەر وەکو مۆم ئەتوامەوە
نەمدەزانی کە تۆ ڕۆشتی گەڵای ڕوحم دەوەرێنی
پاییز ئاسا وەکو خەزان بەرگی زەردم پێدەپۆشی
تۆ کەسێکی پڕ گومانی چاوەڕوانی چیبم لە تۆ
زۆر ئاستەمە جارێکی تر دڵی شێتم بدەم بە تۆ
ئێستا هاتووی پەشیمانی[برۆ بڕۆ تۆ]کەسێکی پڕ گومانی
تازە پاش چی پەشیمانی[برۆ بڕۆ تۆ]کەسێکی پڕ گومانی

Gashbir@hotmail. com
07/07/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.